# بیبلیۆگرافیای
# نووسینەکانی مەسعوود محەممەد

## زامدار ئەحمەد

٢٠١٧

ناسنامەی کتێب
ناوی کتێب: بیبلیۆگرافیای نووسینەکانی مەسعوود محەممەد
ناوی ئامادەکار: زامدار ئەحمەد
دیزاینی بەرگ: ئیبڕاهیم ساڵح
چاپی یەکەم: ۲۰۱۷
چاپخانەی چوارچرا/ سلێمانی
نرخ:
تیراژ:
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی (۲۰۱۵)ی پێدراوە.

**سوپاس و پێزانین**

سوپاسگوزاری بۆ ئازیزان (مۆفەق میراودەلی، جێگر جەواد، ڕەمەزان حەمەدەمین).

پێشکەشە بە

پەیجوورانی

مەسعوود محەمەد

چەند بە ئاسانی لە تینوەتیدا ئاو دەخۆمەوە هەروەهاش بە ئاسانی واز لەو باوەڕەم دەهێنم کە بە بەڵگە دەپووچێتەوە با بە هەموو عومریشم ڕێزم لێی گرتبێ.

**مەسعوود محەممەد**

# پێرستی بابەتەکان



| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | پێشەکی | ١٣ |
| | کتێبەکان | ١٤ |
| ١ | حاجی قادری کۆیی | ١٥ |
| ٢ | وردبونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی | ٢١ |
| ٣ | چەند حەشارگەییەکی ڕێزمانی کوردی | ٢٤ |
| ٤ | چەپکێک لە گوڵزاری نالی | ٢٥ |
| ٥ | هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا | ٣٠ |
| ٦ | مرۆڤ و دەوروبەر | ٣٣ |
| ٧ | بەرەو راستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی | ٣٧ |
| ٨ | چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی | ٤٠ |
| ٩ | بۆ ئەمیری حەسەن پور لە هەرکوێیەک بێت | ٤٣ |
| ١٠ | سەرنجێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو | ٤٦ |
| ١١ | حەماغای گەورە | ٤٩ |
| ١٢ | زاراوەسازی پێوانە | ٥٢ |
| ١٣ | زمانی کورد | ٥٥ |
| ١٤ | بۆ گورباشۆڤی مەزن: لەگەڵ سڵاو و هیواخوازیدا | ٥٨ |
| ١٥ | حەجێکی تر بۆ بەردەگای (خەتێ)ی زانا | ٦١ |
| ١٦ | پەرەسترۆریکای گۆرباشۆڤ-ڕەخنە و شیکردنەوە | ٦٤ |
| ١٧ | گەشتی ژیانم | ٦٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | دەستەو دامانی نالی | ٧٠ |
| ١٩ | لە پەڕۆشیەکانی ژیان | ٧٣ |
| ٢٠ | کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟ | ٧٦ |
| ٢١ | دەموو دووی هزر | ٧٩ |
| ٢٢ | کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ | ٨٢ |
| ٢٣ | هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی | ٨٤ |
| | گوتارەکان | ٨٦ |
| ١ | لە پێناوی پتەوکردنی برایەتی عارەب و کورددا | ٨٩ |
| ٢ | کەیفی جوانڕۆیی | ٩٠ |
| ٣ | وشەیەک کە دەبێ بگوترێ | ٩١ |
| ٤ | هەڵمەتی بەهێز کردنی برایەتی عارەب و کورد | ٩٢ |
| ٥ | بەسەرداچوونەوە | ٩٣ |
| ٦ | کۆڕی زانیاری کورد "چۆن ئەم ناوەی وەرگرت؟" | ٩٤ |
| ٧ | پێشەکی بۆ گوتاری بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا | ٩٥ |
| ٨ | نامەیەک لەلایەن مامۆستا مەسعوود محەممەدەوە | ٩٦ |
| ٩ | شاکارێکی ئاگرین | ٩٧ |
| ١٠ | فۆنەتیک چیمان بۆ بکا؟ | ٩٨ |
| ١١ | فۆلکلۆر- بەشی یەکەم | ٩٩ |
| ١٢ | فۆلکلۆر- بەشی دووەم | ١٠٠ |
| ١٣ | هەڵدانەوەی چەند ڕووپەڕەیێکی زمانی کوردی | ١٠١ |
| ١٤ | ڕوونکردنەوەیەکی وردیلە | ١٠٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | تاوانی دیاردە چاو غەڵەتێنەکان | ١٠٣ |
| ١٦ | ڕەواندنەوەی دوو ڕەخنە | ١٠٤ |
| ١٧ | سڵاوێک لە شیعری نوێبابەتی کوردی | ١٠٥ |
| ١٨ | پایەی شیعری کوردی لە ئەدەبی کوردی سەدەی نۆزدەدا | ١٠٦ |
| ١٩ | خۆدیتنەوە لە دوو ڕەخنەی دۆستانەدا | ١٠٧ |
| ٢٠ | لەگەڵ دەنگسازی کوردیدا | ١٠٨ |
| ٢١ | دەساتیر | ١٠٩ |
| ٢٢ | شەوی دووەم راوە تارمایی | ١١٠ |
| ٢٣ | تیر و پشکێ لە دەنگسازی | ١١١ |
| ٢٤ | لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەک- بەشی یەکەم | ١١٢ |
| ٢٥ | لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەک- بەشی دووەم | ١١٣ |
| ٢٦ | ڕەمزی نافیع قوربانییە زلەکەی هەولێر | ١١٤ |
| ٢٧ | سەجادی لەسەرەتای نەمری دا | ١١٥ |
| ٢٨ | دەمودووی هزر لە پەرەژانی مەرگی سەجادیدا | ١١٦ |
| ٢٩ | میرزا حاجی کەریمی ئاسنگر سەربازێکی بێ ناو | ١١٧ |
| ٣٠ | چەند ڕیشەیەک لە ڕیشاڵی زمانەکەمان | ١١٨ |
| ٣١ | ڕۆشنبیری پێویستی بە کوردە غیرەتی نییە | ١١٩ |
| ٣٢ | قەرزادانەوە؟ یا خۆ هەڵدانەوەیە؟ | ١٢٠ |
| ٣٣ | زرە خەون، لە تەمومژ بە دەوری (مەحوی)ی تۆقەڵەوە | ١٢١ |
| ٣٤ | کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ | ١٢٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٥ | مەرگی تاڵ و ژار! ناوناوە شیرینیت | ١٢٣ |
| ٣٦ | کورتە بیروڕا لەسەر پێشگرەکانی لێ، تێ، پێ | ١٢٤ |
| ٣٧ | جارێکی تر گوندی نورەددین و گەردێک لە گەردەلوولی نورەددینی و میراودەلی | ١٢٥ |
| ٣٨ | دەستبژارێک لە کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبان | ١٢٦ |
| ٣٩ | (نە... نە...)ی کوردی و هێندی لە دەستوورەکانی | ١٢٧ |
| ٤٠ | بەرزبوونەوە بەرەو دامێن | ١٢٨ |
| ٤١ | توندوتیژیی یا هێوریی؟- بەشی یەکەم | ١٢٩ |
| ٤٢ | توندوتیژیی یا هێوریی؟- بەشی دووەم | ١٣٠ |
| ٤٣ | خۆشویستنی نیشتیمان... بە مەرج | ١٣١ |
| ٤٤ | خۆشویستنی نیشتیمان بە مەرج | ١٣٢ |
| ٤٥ | لە مێرووڵەوە.. بەرەو هەوراز | ١٣٣ |
| ٤٦ | ناودارترین و گرنگترین داوەموو | ١٣٤ |
| ٤٧ | رێنووسی کۆڕ | ١٣٥ |
| | دیدارەکان | ١٣٦ |
| ١ | موصوعة المفكرين والادباء العراقيين مسعود محمد | ١٣٨ |
| ٢ | نووسەر، نووسین ئازادی | ١٤١ |
| ٣ | پەرژینی بێدەنگی | ١٤٤ |
| ٤ | ژیان و جیهانبینی مەسعوود محەممەد | ١٤٧ |
| ٥ | ڕەنگین | ١٥٠ |
| ٦ | ڕامان | ١٥١ |
| ٧ | گوڵان العربی | ١٥٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٨ | هاوڵاتی | ١٥٣ |
| ٩ | کۆسار | ١٥٤ |
| | ئەو کتێبانەی لەبارەی مەسعوود محەممەدەوە نووسراون | ١٥٥ |
| ١ | مەسعوود محەممەد و دوو دیداری دۆستانە | ١٥٧ |
| ٢ | نامەکانی مەسعوود محەممەد | ١٦٠ |
| ٣ | مسعود محمد و دورة السياسي فی العراق (١٩١٩-١٩٦٨) | ١٦٣ |
| ٤ | ئاین لە فکری مەسعوود محەممەددا | ١٦٦ |
| ٥ | نامەی مەسعوود محەممەد بۆ سەعدوون حەمادی | ١٦٩ |
| ٦ | لە وتە بەنرخەکانی مەسعوود محەممەدی فەیلەسووف | ١٧٢ |
| ٧ | هونەری ژیاننامەی خوودی لە ئەدەبی کوردید | ١٧٥ |
| ٨ | ئیستاتیکای شێوازاندنی هزرێکی خۆکرد | ١٧٨ |
| ٩ | دید و جیهانبینی مەسعوود محەممەد | ١٨١ |
| ١٠ | غەدرێکی مێژوویی | ١٨٤ |
| ١١ | دوالیزمی نەتەوەیی | ١٨٧ |
| ١٢ | مرۆڤ و مێژوو لە گۆشەنیگای مەسعوود محەممەدەوە | ١٩٠ |

## پێشەکی

خـــوێنەری هێـــژا، ئەم کتێـــبەی لەبەردەســـتتدایە، بیبلیۆگرافیـــای نووسینەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەدە، واتە ڕێبەرییە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ لە بارەی مەسعوود محەمەد بزانن و توێژینەوە بکەن. لێرەدا، کـۆی گشـتی کتێبەکـان و زۆربەی گوتارەکـان و ژمـارەیەک لەو دیـدار و چاوپێکەوتنـانەی تێدایە، کە لەگەڵیدا سازکراوە. هاوکات، ئەو کتێبانەشـی تێدایە، کە لەبارەی مەسعوود محەمەدەوە نووسراون.. ئەو گوتارانەی لێرەدا بوونیان هەیە، تەنیا ئەو بابەتانەن کە بەکوردی نووسراون، یاخوود تەرجەمەی زمانی کوردی کراون.

زامدار ئەحمەد

بەفرانباری ٢٠١٦

# کتێبەکان

## کتێبەکان

مەسعوود محەمەد، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسینەکانی وەشانکردووە. بەخاتر ئەوەی ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد بووە، لە بەغداد. زۆربەی کتێبەکانی لەوێدا بڵاوکردۆتەوە. لە ماوەی تەمەنی ژیانیدا لە زۆر لایەوە ئەسپی خۆی تاوداوە و نووسیویەتی، یەکێک لەو لایەنانە گرینگیدان بووە بە بابەتی ئەدەبی، بەتایبەتی بایەخدان بە شاعیرانی کورد، لەوانە حاجی قادری کۆیی و نالی، کە بەشێوەیەکی زۆر ورد و ڕوون بابەتی لەسەریان نووسیوە و شرۆڤەی کردوون.

یەکێکی تر لەو لایەنانەی مەسعوود محەمەد بایەخی پێداوە و لە نووسینەکانیدا تێیدا قووڵ بۆتەوە، بابەتی زمان و زمانەوانی، وشە و وشەسازی بە هەموو جۆرەکانییەوە بووە، کە بەشێوەیەکی زۆر ورد نووسیویەتی و شرۆڤەی کردوون و شیکردۆتەوە، هاوکات بەراوردی وشەی کوردی بە وشەی فارسی و عەرەبی و تەنانەت ئینگلیزی کردووە، ئەمەش پشوودرێژی ناوبراو نیشاندەدا. مەسعوود محەمەد، هاوشانی زمانزانی و ئەدەب ناسی بە کەسێکی هزری و فەلسەفی و فیکر فراوانی ناسراوە، بەتایبەت لەدوای بڵاوکردنەوەی کتێبی مرۆڤ و دەوروبەری -لە سێ بەرگدا-، تەنانەت خەڵکانێک بە تاکە فەیلەسووفی کوردی نێوزەندە دەکەن.

مەسعوود محەممەد کەمتر وەک مێژوونووس ناسراوە، زیاتر وەک فەیلەسوفێکی شرۆڤەکاری مێژوو ناوی دەرکردووە و لە چەند کتێبێکدا لای بە لای مێژوودا کردۆتەوە. جا چ سەربوردەی ژیانی خۆی بوبێ، یان هەندێک بابەتی تری مێژوویی، کە خۆی لەنێو بارودۆخەکەدا بووە و واقیعیانە بابەتەکان دەخاتەڕوو، بەتایبەت ئەو بابەتانەی لە نێو ڕۆشنبیرانی کوردیدا، جێگای باس بووە و بیروباوەڕی جیاوازی لەبارەیەوە خراوەتەڕوو.

لەبەر سەنگینی مەسعوود محەمەد، لە تەرازووی بیری کوردیدا، لە لایەن چەندین کەسەوە، چاوپێکەوتنی دوور و درێژی لەگەڵدا سازکراوە، تێیدا هەندێک لەو بابەتانەی شیکردۆتەوە، کە لە نوسینەکانی خۆیدا باسی کردون و بۆتە جێگەی سەرنجی خوێنەران و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە. یاخوود، چەند پرسێکی تر، کە نووسەر لە نووسینەکانی خۆیدا باسی لێ نەکردووە، لە ڕێگەی دیدارەوە پرسیارەکانی ئاراستە کراوە، ئەویش ڕا و سەرەنجی خۆی لەمەڕ پرسەکان دەربڕیوە. بەتایبەتی لە کتێبی "دید و جیهانبینی مەسعوود محەمەد"-هەڵۆ بەرزنجەیی دیدارەکەی ئەنجامداوە-، "موصوعة المفكرين والادباء العراقيين مسعود محمد"- حميد المطبعي چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردووە-.

لێرەدا، کۆی گشتی کتێبەکانی مەسعوود محەمەد -بیست و سێ کتێبە-، دەناسێنرێ و لەسەر بنەمای ساڵی بڵاوکردنەوەیان، کتێبەکان ڕیزبەند کراون، کە ئەمانەن (حاجی قادری کۆیی —سێ بەرگ-، وردبونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی، چەند حەشارگەییەکی ڕێزمانی کوردی، چەپکێک لە گوڵزاری نالی، هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا، مرۆڤ و دەوروبەر —سێ بەرگ-، بەرەو راستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی، بۆ ئەمیری حەسەن پور لە هەرکوێیەک بێت، سەرنجێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، حەماغای گەورە، زاراوەسازی پێوانە، زمانی کورد، بۆ کۆرباتشۆڤ، حەجێکی تر بۆ بەردەگای (خەتێ)ی زانا ، پەرەستریکای گۆرباشۆڤ-ڕەخنە و شیکردنەوە، گەشتی ژیانم، دەستەو دامانی نالی، لە پەڕۆشیەکانی ژیان، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، دەموو دووی هزر، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ).